نازناوی (خانمی یەکەمی تۆپی پێی جیهان) بە هاوژینی لیۆنێل مێسی درا..

# 30 ساڵ 30 ریکۆرد 30 نازناو

## فلۆرەنتینۆ پێرێز: تەلەفۆنم بۆ مێسی نەکردووە

ئا: رووداوی وەرزشی

بەر لە چەند رۆژێک، تەمەنی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی، گەیشتە 30 ساڵ، هەروەها ئاهەنگی هاوسەرگیریشی لەگەڵ ئەنتۆنێلا روکۆزۆی خۆشەویستی ئەنجامدا.

لیۆنێل مێسی، کە دایناوە چەندین ساڵی دیکە بەردەوام بێت لە یاریکردن، هەر لە ئێستاوە هێندە ریکۆردی تۆمارکردووەو هێندە نازناوی تاکەکەسی و بەکۆمەڵی بەدەستهێناوە، کە شایەتی بۆ بدەن ئەو یەکێکە لە باشترین یاریزانانی مێژووی تۆپی پێ، ئەگەر باشترینیان نەبێت.

مێسی بە 30 ساڵ 30 نازناوی بەکۆمەڵی بردووەتەوە. هەروەها 30 ریکۆردی شکاندووە. کۆمەڵێک ریکۆردیش ماوەن کە نزیکە لەوەی بیانشکێنێت. ئەو لە رووی بردنەوەی نازناوە تاکەکەسییەکانیشەوە باشترین یاریزانە لە مێژوودا، کە 40 نازناوی تاکەکەسی فەرمی بردووەتەوە.

میدیاکارانی ئەرجەنتینی نازناوی (خانمی یەکەمی تۆپی پێی جیهان)یان بە ئەنتۆنێلای هاوژینی مێسی داوە. فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدریدیش ئەوە رەتدەکاتەوە تەلەفۆنی بۆ مێسی کردبێت بۆ ئەوەی رازی بکات بچێتە یانەکەی.

وردەکاری هەموو ئەمانە لە راپۆرتێکدا لە لاپەرە 6 بخوێنەوە




WWW.RUDAW.NET

# رووداو وەرزشی

ژمارە (455) سێشەممە 2017/7/4 13ی پووشپەڕ - 2717 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## بارسا بۆ رێگەگرتن لە رۆیشتنی دیبالا بۆ ریال مەدرید پەنا دەباتە بەر خزمەکانی..

# جەنگی شاراوە

”ئامارەکان دەریدەخەن کە دیبالا یاریزانێکی گەورە نییە“

”ئالڤێش نەڕۆیشتووە دەرکراوە“

3



## کچە کەرکووکییەک خۆشەویستی ئۆزێلە

5

### کچانی دەربەندیخان روو لە وەرزش دەکەن



2

باوکی ئیمباپی:

### ناهێڵم کورەکەم بچێتە گۆرستانی مەدرید



6

سیزار سامپایۆ، یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل، بۆ (رووداو):

### بەهۆی نەخۆشبوونی رۆناڵدۆ مۆندیالمان لەدەستدا



7

هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی رۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە

KOREK Telecom

دوورخرایەوە



بەهۆی ئەوەی فەرحان شکوری یاریزانی کوردی یانەی نەوتی ناوەڕاست، بەشداری لە 2 یاری هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق کردووە، ڕاهێنەری ئەو یانەیە بڕیاریدا سزای فەرحان بدات و لە ریزەکانی یانەکەی دوور بخاتەوە. هەرچەندە سەرەتا کێشەکە چارەسەرکرا و فەرحان پەیوەندی بە مەشقەکانی یانەکەیەوە کردەوە، بەڵام دواتر دەستەی کارگێڕی یانەکە جارێکی دیکە بڕیاری دوورخستنەوەی فەرحانی لە یانەکە دایەوە.

KOREK Telecom

## خەیال حەمە، یاریزانی باڵەی دەربەندیخان:

# کچانی دەربەندیخان بەبێ مووچەش کۆڵنادەن

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ دەربەندیخان**

خەیال حەمە، یاریزانی باڵەی یانەی دەربەندیخان، بە (رووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند ئاستی یاری تۆپی باڵەی کچان ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرەو پێشڤەچووندایەو گوتی «لە شاری دەربەندیخان وەرزشی کچان قۆناخێکی باشی بڕیوە، ئێمەی کچانی دەربەندیخان بەبێ مووچەش بەردەوام دەبین لە وەرزشکردن».

قەزای دەربەندیخان، یەکێکە لەو شارانەی باشووری کوردستان، کە گرنگییەکی زۆر بە وەرزشی کچان دەدات و زۆر لە کچانی ئەو شارە بە تامەزرۆیەکی زۆرەوە ڕوویان لە وەرزش کردووە، بەتایبەتیش یاری باڵە.

خەیال حەمە، نموونەیەکی کچە وەرزشوانەکانی ئەو شارەیە، کە یاریزانێکی بەتوانای یاری باڵەیەو بەبەردەوامی لە یانەکەیە بۆ خزمەتکردنی وەرزشی شارەکەی بەگشتی و تۆپی باڵە بەتایبەتی.

خەیال حەمە، بە (رووداوی وەرزشی) گوت «خۆشبەختانە ئاستی تۆپی باڵەی ئافرەتان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو باشتر دەچێت و ئەو کچانەی دێنە نێو وەرزشیش تا دێت ژمارەیان روو لە زیادبوونە، بەتایبەتیش لە دەربەندیخان، کە بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بۆ هاوکاری خانەوادەی کچە وەرزشوانەکان دەگەڕێتەوە، کە ڕێگری چوونە نێو وەرزشیان لێناکەن و تەنانەت هاوکاریشیان دەکەن».

لەگەڵ ئەوەشدا خەیال داوا دەکات بایەخی زیاتر بە وەرزشی ئافرەتان بدرێت، بەتایبەتیش یاری باڵە و گوتی «بەداخەوە نەبوون یاخود کەمی کردنەوەی خول کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی یاریزانان دروست دەکات، چونکە ناکرێت هەر ڕاهێنان بکەین و هیچ خولێک نەکرێتەوە، ئێمە لە مانگی ڕەمەزانیش مەشقەکانی خۆمان کردووە». ئەو هەروەها گوتیشی «پێمباشە ساڵانە 4 بۆ 5 خول بۆ باڵەی کچان بکرێنەوە، بۆ ئەوەی یاریزانان زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و ئامانجیان گەورەتر بێت».

خەیال حەمە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە خۆی و کچانی دەربەندیخان سوورن لەسەر خزمەتکردنی وەرزشی شارەکەیان «ئێمە خۆبەخشانە یاری دەکەین، چونکە حەز و خولیامان بۆ وەرزش هەیە، وەک ئێمە



### "خۆشبەختانە لە دەربەندیخان خانەوادەی یاریزانە کچەکان ڕێگرییان لێناکەن"



کچانی دەربەندیخان هیچ مووچەیەکمان نییە لە یانەکە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەبێ مووچەش بەردەوام دەبین لە وەرزشکردن». هەروەها گوتی «بەرنامەی منیش وەک یاریزان بەردەوام گرنگی دانە بە ئاستی خۆم بۆ خزمەتکردن بە شارەکەم».

لەبارەی داواکردنیشی لەلایەن یانەکانی دیکەوە، خەیال ئاماژەی بەوەدا کە چەندین یانە داوای گرێبەستیان لێکردووە، بەڵام بڕیاریداوە یانەی دەربەندیخان جێنەهێڵێت «حەزدەکەم خزمەت بە شارەکەم بکەم، کە بێگومان لەو پێناوەدا ئەوەی لە توانامدا بێت دەیکەم».

## ناوبژیوانێکی میللی بە کردەوە پیشەگەر..

# یەکەم ناوبژیوانە لە کوردستان کارتی سەوز بەکاربێنێت

**ئا: شێروان شێرزاد**



لە سەرجەم یارییە وەرزشییەکاندا، بەتایبەتیش لە یاری تۆپی پێدا، ناوبژیوان هەمیشە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت و جێگەی سەرنج و تێڕوانینی جەماوەر و یاریزانانە، بۆیە کاتێک لە یاریگە میللییەکاندا ناوبژیوانێکی دڵسۆز و شارەزا هەڵدەکەوێت، هەر زوو پێگەیەکی باش لەنێو جەماوەردا دەستەبەر دەکات.

هێمن عەبدولستار، ناسراوە بە هێمن ساڵەیی، کە دانیشتووی گەڕەکی ئیسکانە لە شاری هەولێر، یەکێکە لە ناوبژیوانە بەهرەمەندە میللییە دیارەکانی هەولێر و دەوروبەری، کە سەرپەرشتی و ناوبژیوانی زۆربەی خولەکانی تیپە میللییەکانی دەکات، هەروەها چەند یارییەکی دۆستانەی یانە نایابەکانی کوردستان و خولی پلەیەکی عێراقیشی بەڕێوەبردووە.

هێمن، لەبەرئەوەی شارەزاییەکی تەواوی لە یاساکانی تۆپی پێ و کاری ناوبژیوانیدا هەیە، زۆر بە پاکی و دڵسۆزانە لەنێو یاریگەدا کارەکانی ئەنجام دەدات، هەر بۆیەش ڕۆڵ و پێگەیەکی باشی هەیە لەنێو یاریگەکانی هەولێر و دەوروبەری و جێگەی قبوڵی زۆربەی یاریزانان و وەرزش دۆستانە.

هێمن عەبدولستار، لەدایکبووی ساڵی 1980ی شاری هەولێرە، تا قۆناخی دواناوەندی خوێندوویەتی. وەک زۆربەی وەرزشوانی دیکە سەرەتا لە ساڵی 1996 لە تیپی میللی مەنتکاوە یاریکردووەو گۆڵپارێز بووە، لەژێر سەرپەرشتی مەلا ڕۆستەم، بەڵام لەبەرئەوەی زۆر خولیای ناوبژیوانی هەبووەو لە ساڵی 2007 دەستی کردووە بە کاری ناوبژیوانی، بۆ ئەم مەبەستەش بەشداری لە دوو خولی ناوبژیوانی کردووە لە هەولێر، لە خولێکیش لە تورکیا وەک گوێگر بەشداریکردووە، چەندینجاریش خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە لەلایەن ناوەندی باڵای وەرزشی لە شاری هەولێر.

هێمنی ناوبژیوان، ئەوەندە خولیای وەرزشکردنە بەتایبەتی کاری ناوبژیوانی، تۆمارێکی تایبەت بەم کارەی خۆی داناوەو سەرجەم ئەو یاریانەی خۆی ناوبژیوانی بۆ کردوون تێدا تۆمارکردووە بە تەواوی گۆڵ و کارتەکانیشەوە. ئەو یەکەم ناوبژیوان بوو چ لە خولی تیپە میللییەکاندا یان لە یارییە دۆستانەکاندا پەمپی هێڵڕاکێشان لە کاتی بوونی فاول لەنێو یاریگەکاندا بەکاربێنێت، هەروەها یەکەم ناوبژیوانیشە لە کوردستان کارتی سەوزی بەکارهێنابێت لە یاری تیپە میللییەکاندا، بە گوێرەی ئەو یاسا نێودەوڵەتییە نوێیەی بەمدواییە بۆی دیاریکراوە.

هێمن، خۆی بە قەرزاری هەریەک لە ناوبژیوانانی پێشەگەری کوردستان، دکتۆر ئەرسەلان قادر، فوئاد عومەر برادۆستی و سەلیم نوری دەزانێت، کە پاڵپشتی بوونە و سوودی لە ڕێنماییەکانی ئەوان وەرگرتووە. هێمن، لەسەر ئاستی جیهان زۆر سەرسامە بە مارتن کلاتن بێرگی ناوبژیوانی سکۆتلاندی.

### "هێمن شارەزاییەکی تەواوی لە یاساکانی تۆپی پێ و کاری ناوبژیوانیدا هەیە"



## بۆ بردنەوەی مەدالیاکانی گۆڕەپان و مەیدان..

# پێشمەرگەکانی سلێمانی دەچنە کینیا و هیند و تونس

**هەرێز جەمال**
**رووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

بەمەبەستی بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی گۆڕەپان و مەیدانی تازەپێگەیشتووانی جیهان، کچە یاریزانێکی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەچێتە وڵاتی کینیا. چەند یاریزانێکی دیکەی ئەو یانەیەش بۆ بەشداریکردن پاڵەوانیەتی ئاسیا و پاڵەوانیەتی وڵاتانی عەرەبی دەچنە هیندستان و تونس.

زەیدون جەواد، ئەمینداری فیدراسیۆنی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بە (رووداوی وەرزشی) گوت «هەڵبژاردەی عێراق ڕۆژی 2017/7/8 گەشتی نایرۆبیی پایتەختی کینیا دەکات بەمەبەستی بەشداریکردنی لە پاڵەوانیەتی گۆڕەپان و مەیدانی تازەپێگەیشتووانی جیهان، کە ڕۆژانی 12 و 16ی ئەم مانگە لەو وڵاتە بەڕێوەدەچێت».

بۆ یەکەمجارە لە مێژووی باشووری کوردستان و عێراق بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن فیدراسیۆنی گۆڕەپان و مەیدانی جیهانەوە دەزگایەکی ڕاگەیاند بانگهێشت بکرێت، کە (تۆڕی میدیایی رووداو)ە.

زەیدون ئەوەشی خستەڕوو کە عێراق بە 3 یاریزان بەشدارە، یەکێک لەو یاریزانانە مریەم عەبدولحەمیدی خانمە یاریزانی بازی بەرزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە.

هاوکات هەڵبژاردەی پێشکەوتووانی هەڵبژاردەی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو بەرەو وڵاتی هیندستان گەشتی کرد بەمەبەستی بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان.

دکتۆر زەیدون جەواد، سەبارەت بە بەشداریکردنی هەڵبژاردەی عێراق لەو پاڵەوانیەتییەدا گوتی «پێکهاتەی عێراق بۆ هیندستان لە چەندین یاریزانی پاڵەوان پێکهاتووە، لەنێو ئەو یاریزانانەش سەرکان بەکر و باری عامری یاریزانانی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هەیە کە لە یاری یەک بازدا بەشدار دەبن».

بڕیارە لە ڕۆژانی 6 و 9ی مانگی داهاتوو لە هەرێمی ئۆدیشەی وڵاتی هیندستان 22هەمین پاڵەوانیەتی ئاسیا بۆ یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان دەستپێبکات. 45 وڵاتی کیشوەرەکە بەشداری لە یارییەکانی پاڵەوانیەتی ئاسیا بۆ گۆڕەپان و مەیدان دەکەن و ڕکابەرییەکان لەسەر 28 یاری جیاواز لەسەر ئاستی کوڕان و کچان دەکرێن.

هەروەها هەردوو یاریزان، دڵسۆز عوبێدی یاریزانی سیروانی نوێ و بژان خۆشەقی، لە ناوەڕاستی ئەم مانگە گەشتی وڵاتی تونس دەکەن بەمەبەستی بەشداریکردن لە پاڵەوانیەتی وڵاتانی عەرەبی. چەند ڕۆژێکیشە هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراق لە شاری سلێمانی کەمپێکی مەشق و ڕاهێنانی کردووەتەوە بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ بەشداریکردن لەو پاڵەوانیەتییەو دەستەبەرکردنی مەدالیا.

هەمیشە دڵشادبە

ئینتەرنێتی ڕۆژانە و هەفتانە و مانگانەی بێسنوور لە (کورەك)ەوە



KOREK Telecom

لەگەڵ کورەك بەکارهێنانی ئینتەرنێت هیچ سنوورێکی نییە. هەر ئێستا بەشداربە لە پاکێجەکانی ئینتەرنێتی کراوە, بە پێی ئەم ووردەکاریيانەی خوارەوە:

- پاکێجی ڕۆژانە: تەنها بە 2,000 دیناره و بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بەردەستە
- پاکێجی هەفتانە: تەنها بە 7,000 دیناره و بۆ ماوەی 7 ڕۆژ بەردەستە
- پاکێجی مانگانە: تەنها بە 30,000 دیناره و بۆ ماوەی 30 ڕۆژ بەردەستە

بۆ بەشداریکردن لە پاکێجی ڕۆژانە بە نامەیەك ژمارە 1 و بۆ پاکێجی مانگانەش ژمارە 3 بنێرە بۆ 250, یاخود پەیوەندی بکە بە #250*

411

korektel.com

KOREK Telecom

داعش و یۆرۆ

ڕادیۆی نێودەوڵەتی فەرەنسا، ئەو دزەپێکردنە تایبەتانەی ئاشکراکردووە کە لە لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵ تێوەگلاوێک لە تەقینەکانی برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا ئاشکرابوونە، کە لە مانگی ئاداری 2016 کراوە. محەممەد عەبرینی دانی بەوەدا ناوە داعش پلانی دانابوو یۆرۆی 2016 بکاتە ئامانج «پلانمان دانابوو چەند یاریگەیەک لە فەرەنسا بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو بکەینە ئامانج، بەڵام دەستگیرکردنی تێوەگلاوەکان هەموو ئەو پلانانەی تێکدا».

ناتوانێت بە قاچی ڕاست و بە سەری تۆپ ئاراستەی گۆڵ بکات..

بارسا هەموو شتێک دەکات بۆ بێبەشکردنی ڕیال مەدرید لە تواناکانی..



# دیبالا بێ بەهرەیە

## "لە خولی ئیتاڵیادا هەر 11 گۆڵەکەی بە قاچی چەپی تۆمارکردووە"

ڕووداوی وەرزشی - TANGO

دیبالا لەلایەن یانە گەورەکانی ئەورووپاوە زۆرترین داواکاریی لەسەرە، لەو کاتەی یوڤێنتۆس دەستی بە خزمەتەکانییەوە گرتووەو نایەوێ بیفرۆشێتە هیچ یانەیەک، ئەو هەموو هەرایە لەسەر دیبالا هەیە، کەچی ئامارێک ڕوونی دەکاتەوە پاولۆ بەشێکی زۆری بەهرەکانی یاری تۆپی پێی نییە.

تۆڕی سکۆاوکا بۆ ئامارەکانی وەرزشی، ڕوونیکردووەتەوە، دیبالا لەگەڵ فیدریکۆ بێرناردیسکی تاکە یاریزانە، کە هەموو گۆڵەکانی لە خولی ئیتاڵیا (11 گۆڵ) بەیەک بەشی جەستەی تۆمارکردووە، ئەویش قاچی چەپییەتی.

هەرچەندە ئەو ئامارە کارامەیی دیبالا بە قاچی چەپی دەردەخات، کەچی زیانی پێ دەگەینێ و بە وێنەی یاریزانێک نیشانی دەدات، کە کەمترین پلەکانی کامڵبوونی نییە، بە جۆرێک ناتوانێت قاچی ڕاستی، یان بەسەری تۆپ بە دیقەت ئاراستەی گۆڵ بکات.

بەشێوەیەکی گشتی پاولۆ دیبالا، لە وەرزی ڕابردوودا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە، چونکە توانی 19 گۆڵ تۆماربکات و 7 پاسی یەکلاییکەرەوەش بدات لە هەموو پاڵەوانییەتییەکاندا.

# بارسا پەنا دەباتە بەر خزمەکانی دیبالا

## "ڕیال مەدرید پارەی کڕینی دیبالای ئامادە کردووە"

ئا: ڕووداوی وەرزشی

هەندێک لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەڤانییەکان باس لەوە دەکەن کە جەنگێکی گەورەی شاراوە لەنێوان هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ڕیال مەدرید لەئارادایە، لەسەر بەدەستهێنانی تواناکانی پاولۆ دیبالای ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی یوڤێنتۆسی ئیتاڵی.

بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی دۆن باڵۆنی ئیسپانی، یانەی بارسێلۆنای کەتالۆنی نامەیەکی ئاگادارکردنەوەی بۆ ئەستێرەی ئەرجەنتینی پاولۆ دیبالا، یاریزانی یانەی یوڤێنتۆسی ئیتاڵی ناردووەو ئاگاداری کردووەتەوە، نەچێتە ڕیزەکانی ڕیال مەدریدی ڕکابەری هەمیشەیی.

ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوە کردووە، یانە کەتالۆنییەکە وەک هەوڵێک بۆ ڕێگەگرتن لە ڕۆیشتنی دیبالا بۆ یانەی شاهانەی ئیسپانیا، پەیوەندی بە هەندێ خزم و کەسی نزیک لە دیبالا کردووە، بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن دیبالا ئەو کارە بکات.

بە گوێرەی هەواڵەکەی دۆن باڵۆن، بارسا پێیوایە ڕیال مەدرید دەتوانێت واژووی دیبالا بەدەستبهێنێت و پارەی کڕینی ئەوی لەبەردەستە، بۆیە هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی ڕێگە لەو گرێبەستە بگرێت. دۆن باڵۆن نووسیویەتی "بارسا دەزانێت کە دیبالا خەون بەوە دەبینێت هاوشانی مێسی لە بارسا یاری بکات، بارساش دەیەوێ ئەو خەونەی بۆ بەدیبێنێت، بەڵام دەبێ ئارام بگرێت". هەروەها ڕۆژنامەکە نووسیویەتی "بەر لەوەی دەستەوارەی گواستنەوەی بۆ ڕیال مەدرید سەر بگرێت، بارسا بە دیبالای ڕاگەیاندووە، لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا دەیباتە ڕیزەکانی، بەڵام دیار نییە ئایا دیبالا چاوەڕێی بارسا دەکات و بەو پێشنیازەی ڕازی دەبێت یان نا؟!".




نهێنییەکە ئاشکرابوو..

# ئالڤێش نەڕۆیشتووە دەرکراوە

ڕووداوی وەرزشی - یوڤێنتوس مانیا

یانەی یوڤێنتۆسی ئیتاڵی، بەم دواییە هەڵوەشانەوەی گرێبەستی یاریزانی بەڕازیلی دانی ئالڤێشی ئاشکرا کرد، خودی ئالڤێش و ڕاگەیاندنەکان وا بڵاویانکردەوە کە ئەم کارە بە ویستی ئالڤێش بووە، گوایە دەیەوێ ئەزموونێکی دیکە لەگەڵ یانەیەکی دیکە تاقی بکاتەوە. بەڵام هەندێ سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە بەرپرسانی یۆڤی لێی تووڕە بوونەو دەریانکردووە.

یانەی یوڤێنتۆس هیوای سەرکەوتنی بۆ ئالڤێش خواست، بەڵام بە گوێرەی چەند ڕاپۆرتێکەوە، کارگێڕی یۆڤی زۆر لە دانی تووڕە بووە، بەهۆی ئەوەی هەوڵیداوە هاوڕێ ئەرجەنتینییەکەی، پاولۆ دیبالا بەوە ڕازی بکات بچێتە ڕیزەکانی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی.

ئالڤێش یەک وەرز یاری بۆ یۆڤی کرد و توانی لەگەڵیدا نازناوی خول و جامی ئیتاڵیا بەدەستبێنێت، زێدەباری گەیشتن بە یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ، بەڵام دواتر ڕۆیشتنی خۆی لەو یانەیە ڕاگەیاند، کە ڕاهێنەری پێشووی پیپ گواردیۆلا ویستی بیباتە ڕیزەکانی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی.

ئالڤێش بەمدواییە ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، چەندجارێک هەوڵیداوە پاولۆ دیبالا ڕازی بکات لە یوڤێنتۆس بڕوات، ئەگەر دەیەوێ پەرە بە بەهرەکانی خۆی بدات، بەڵام ڕۆژنامەی کۆریری دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی، بڵاویکردووەتەوە، ئالڤێش لە تشرینی دووەمی 2016 ڕازی بووە بچێتە مانچێستەر سیتی، ئێستاش بەوە تۆمەتبار کراوە کە لە دژی یۆڤی کاری کردووە، ئەویش لە ڕێگەی خوێندن لەبن گوێی دیبالا، بۆ ئەوەی وایلێبکات بیر لەوە بکاتەوە لەگەڵ ئەو بچێتە مانچێستەر سیتی، ئەو کارەش کارگێڕی تیپەکەی تووڕە کردووە.




# پێرێز سەبارەت بە بەیڵ هوشداری دەداتە زیدان

ئا: ڕووداوی وەرزشی

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی نزیک لە یانەی ڕیال مەدرید، لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی شاهانە، هۆشداری داوەتە زەینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەکەی کە بیر لە فرۆشتنی گاریس بەیڵ نەکاتەوەو پێیگوتووە "نابێ دەست لە BBC بدەی".

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، پێرێز هێشتا پێیوایە بەیڵ ئەو یاریزانەیە کە لەدوای کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ دەبێتە ئەستێرەی یەکەمی یانەکەی، بۆیە دەیپارێزێت و ناهێڵێت زیدان بیر لە فرۆشتنی بکاتەوە. وەک مارکا باسی دەکات "پێرێز تەلەفۆنی بۆ زیدان کردووەو سەرەتا لێیپرسیوە ئەو پڕوپاگەندانەی لە ڕۆژنامەکان دەبیستێت سەبارەت بە نیازی ڕیال مەدرید بۆ دەستبەرداربوون لە بەیڵ هیچ سەرچاوەیەکیان هەیە؟ ئینجا پێگوتووە نابێ بیر لە فرۆشتنی بەیڵ و تەنانەت کەریم بنزیمەش بکەیتەوە". هەروەها پێیگوتووە "پێویستە تۆ پارێزگاری لە BBC بکەی و لە وەرزی داهاتووشدا پشت بەو 3 هێرشبەرە ببەستی".

بە بۆچوونی مارکا، ئەم داواکاری و بیرکردنەوەی فلۆرەنتینۆ پێرێز کێشەیەکی گەورە بۆ زیدان دروست دەکات، بەتایبەتیش سەبارەت بە ئیسکۆ، کە لە وەرزی ڕابردوودا ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبوو لە بردنەوەی دووانە لەلایەن ڕیال مەدریدەوە. مارکا لەو بارەوە دەڵێت "ڕێگەگرتن لە ڕۆیشتنی گاریس بەیڵی ئەستێرەی وێلزی، زیدان دەخاتە بەردەم دوو ئەگەری زەحمەت، فرۆشتنی ئیسکۆ یان مۆدریچ، یاخود دۆزینەوەی شوێنێکی دیکەی یاریکردن بۆ ئیسکۆ".

هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە، پێرێز فەرمانی بە پزیشکانی یانەکەی کردووە لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ بۆ بەیڵ بکەن بۆ ئەوەی بزانن هۆکارەکانی ئەو هەموو پێکانانەی ئەستێرە وێڵزییەکە چییە؟ هەروەها پێشیگوتوون پێویستە بەدرێژایی وەرزەکە چەندینجار پشکنین و بەدواداچوون بۆ بارودۆخی بەیڵ بکەن و ڕێگەچارەیەک بۆ بەرگرتن لە پێکانە زۆرەکانی بەیڵ بدۆزنەوە.

"پێرێز هێشتا پێیوایە بەیڵ لەدوای ڕۆناڵدۆ دەبێتە پیاوی یەکەمی یانەکەی"

"مانەوەی بەیڵ زیدان دەخاتە بەردەم دوو ئەگەری زەحمەت"

"ئالڤێش بەوە تۆمەتبار کراوە کە بە نهێنی لەدژی یوڤێنتۆس کاریکردووە"

KOREK Telecom



## بەخۆڕاییە

لەوانەیە دییگۆ کۆستای هێرشبەری ئیسپانی یانەی چێلسی ئینگلیزی، لە وەرزی داهاتوودا بارگەی لە ریال مەدریدی ئیسپانی بە زەویدا بدات و بە خۆڕایی ببێتە یاریزانی ئەو یانەیە. راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن، لەوانەیە ریال مەدرید واژووی کۆستای ئەستێرەی پێشووی ئەتلەتیکۆ مەدرید بەدەستبێنێت، چونکە راهێنەری چێلسی ئەنتۆنیۆ کۆنتی بەنیازە کۆستا بکاتە قوربانی و چیدی نەهێڵێت بۆ تیپەکەی یاری بکات.

## لیۆنێل مێسی..

# 30 ساڵ 30 ریکۆرد 30 نازناو

ئا: رووداوی وەرزشی

بەر لە چەند رۆژێک، تەمەنی لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی گەیشتە 30 ساڵ، ئەو کە دایناوە چەندین ساڵی دیکە بەردەوام بێت لە یاریکردن، هەر لە ئێستاوە هێندە ریکۆردی تۆمارکردووەو هێندە نازناوی تاکەکەسی و بە کۆمەڵی بەدەستهێناوە، کە شایەتی بۆ دەدەن ئەو یەکێکە لە باشترین یاریزانانی مێژووی تۆپی پێ، ئەگەر باشترینیان نەبێت.

### 30 ریکۆرد

ماڵپەڕی فەرمی یانەی بارسیلۆنا، بە بۆنەی 30هەمین ساڵیادی مێسی، 30 ریکۆردی بڵاوکردەوە، کە مێسی تۆماریکردوون. مێسی لە ساڵێکی زایینیدا زۆرترین گۆڵی تۆمارکردووە (ساڵی 2012 بۆ یانەی بارسیلۆنا و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین 91 گۆڵی تۆمارکرد). لە ساڵێکی زایینیدا خاوەنی زۆرترین گۆڵە لە لالیگا، کە 59 گۆڵی تۆمارکرد لە ساڵی 2012. لە یەک وەرزی لالیگادا توانیویەتی 50 گۆڵ تۆمار بکات، کە زۆرترین رێژەیە لە مێژووی ئەو خولەدا. هەروەها زۆرترین باڵۆن دۆری بردووەتەوە لە مێژوودا، کە 5 تۆپی زێڕینە. ئەو گۆڵکاری مێژوویی هەڵبژاردەی ئەرجەنتینە، کە 58 گۆڵی بۆی تۆمارکردووە.

لیۆنێل، خاوەنی زۆرترین نازناوە لەگەڵ یانەیەک، کە 30 نازناوە، بێگومان بە هاوبەشی لەگەڵ ئەندرێس ئینێستا. گۆڵکاری مێژوویی یانەی بارسیلۆناشە بە تۆمارکردنی 507 گۆڵ. هەروەها خاوەنی زۆرترین ئەسیستە لە مێژووی لالیگادا، کە تاوەکو ئێستا 165 ئەسیستی هەیە.

یەکەم یاریزانە توانیبێت لە یەک وەرزدا گۆڵ لە تۆڕی هەموو یانەکانی لالیگا بکات، ئەویش لە وەرزی 2012 ـ 2013 روویداوە.

لیۆنێل مێسی، بێجگە لەمە خاوەنی چەندین ریکۆردی دیکەی جیهانیشە. ئەو یەکەم یاریزانە لە مێژوودا کە لە یەک وەرزدا لە 6 خول و پاڵەوانیەتی جیاوازدا گۆڵی تۆمارکردبێت، کە دووجار ئەمەی کردووە، لە ساڵی 2011 و لە ساڵی 2015.

لیۆنێل مێسی، زۆرترین جار لە مێژوودا ئامادەی سەر سەکۆی باڵۆن دۆر بووە، کە 10 جارە. لە ماوەی ساڵانی نێوان 2007 تاوەکو 2016 بووە.

خاوەنی زۆرترین گۆڵە لەسەر ئاستی خول لە یەک وەرزدا، کە لە وەرزی 2012 ـ 2013 بوو، ئەوکاتەی توانی 73 گۆڵ لە سەرجەم خول و پاڵەوانیەتییەکاندا بۆ بارسیلۆنا تۆمار بکات.

هەر خۆیشی یەکەم یاریزانە لە مێژوودا بتوانێت لە 8 وەرزی لەدوای یەکدا زیاتر لە 40 گۆڵ تۆمار بکات.

### 40 نازناوی تاکەکەسی

بەپێی ئامارێکی نوێ دەردەکەوێت کە مێسی لە رووی بردنەوەی زۆرترین نازناوی تاکەکەسی باشترین یاریزانە لە مێژوودا، کە تاوەکو ئێستا 40 نازناوی تاکەکەسی فەرمی بردووەتەوە. پلەی دووەمیش بۆ کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانییە، کە ئەویش خاوەنی 32 نازناوی تاکەکەسی فەرمییە. پێلێی ئەفسانەی بەرازیلیش بەبردنەوەی 30 نازناوی تاکەکەسی فەرمی، پلەی سێیەمی گرتووە. پلەی چوارەمیش بەر دیستیفانۆی ئەرجەنتینی کەوتووە بە بردنەوەی 28 نازناوی تاکەکەسی فەرمی. یۆهان کرۆییفی ئەفسانەی هۆڵەندیش بە بردنەوەی 26 نازناوی تاکەکەسی فەرمی پلەی پێنجەمی گرتووە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، دییگۆ ئارماندۆ مارادۆنای ئەفسانەی ئەرجەنتینی، کە بەشێکی زۆری جیهان بە باشترین یاریزانی مێژوو لە قەڵەمی دەدەن، تەنیا 12 نازناوی تاکەکەسی فەرمی بردووەتەوە.

### 10 ریکۆرد ماوە بیانشکێنێت

هەفتەی رابردوو، لیۆنێل مێسی ئاهەنگی یادی لە دایکبوونی 30ی ساڵەی خۆی گێڕا. لەگەڵ ئەو رووداوە گەورەیەش، هەندێک لە شەیدایانی مێسی دڵتەنگ بوون، چونکە مانای وایە مێسی تەمەنی هەڵکشاوەو لە وازهێنان لە ساڵانی داهاتوو نزیک بووەتەوە.

مێسی گۆڵکەریی مێژوویی بارسیلۆنا و هەڵبژاردەی ئەرجەنتین، زۆرترین ژمارەی پێوانەیی شکاندووە، بەڵام هێشتا 10 ژمارەی پێوانەیی ماوە، کە دەبێت لەگەڵ بارسا و تانگۆ بیانشکێنێت، تاوەکو بیسەلمێنێت ئەو لە سەرووی هەموو چینەکان دایە. ژمارەکانیش ئەمانەن:

***بەشداریکردن لە زۆرترین یاری لەگەڵ بارسا:**

1 ـ یاریزانی پێشوو چاڤی هێرناندێز: 767 یاری
2 ـ ئەندرێس ئینێستا: 630 یاری
3 ـ یاریزانی وازهێنراو کارلیس پویۆل: 593 یاری
4 ـ لیۆنێل مێسی: 583 یاری

*** تۆمارکردنی زۆرترین گۆڵ بۆ بارسیلۆنا لە جامی شای ئیسپانیا:**

1 ـ جۆسێپ سامیتێری ئیسپانی: 65 گۆڵ
2 ـ لاتسلۆ کۆبالای هەنگاری: 49 گۆڵ
3 ـ لیۆنێل مێسی: 44 گۆڵ

**※ بەشداریکردن لە زۆرترین یاری لەگەڵ هەڵبژاردەی ئەرجەنتین:**

1 ـ یاریزانی وازهێنراو خاڤیێر زانیتی: 143 یاری
2 ـ خاڤیێر ماسکیرانۆ: 136 یاری
3 ـ لیۆنێل مێسی: 118 یاری

*** خاوەنی زۆرترین گۆڵ بۆ ئەرجەنتین لە مۆندیال:**

1 ـ گابرییێل پاتیستۆتا: 10 گۆڵ
2 ـ گیمیرۆ ستابیلی: 8 گۆڵ
3 ـ ماریۆ کیمپس و مارادۆنا: 6 گۆڵ
4 ـ لیۆنێل مێسی: 5 گۆڵ

*** خاوەنی زۆرترین گۆڵ لە چامپیۆنزلیگ:**

1 ـ کریستیانۆ رۆناڵدۆ: 105 گۆڵ
2 ـ لیۆنێل مێسی: 94 گۆڵ

*** خاوەنی زۆرترین گۆڵ لە 5 خولە گەورەکەی ئەورووپا:**

1 ـ کریستیانۆ رۆناڵدۆ: 372 گۆڵ
2 ـ جیمی گریڤز: 366 گۆڵ
3 ـ گێرد مۆلەر: 365 گۆڵ
4 ـ لیۆنێل مێسی: 349 گۆڵ

*** خاوەنی زۆرترین هاتریک لە لالیگا:**

1 ـ کریستیانۆ رۆناڵدۆ: 32 هاتریک
2 ـ لیۆنێل مێسی: 26 هاتریک

*** خاوەنی زۆرترین گۆڵی لەدوای یەک لە یاریگەی خۆی لە لالیگا:**

ماریانۆ مارتن یاریزانی پێشووی بارسیلۆنا، لە 18 یاری لە دوای یەک لەسەر یاریگەی کامپ نو گۆڵی تۆمارکردووە، لە ماوەی 1942 ـ 1943، ئەو ژمارەیەش بۆ مێسی و هەموو یاریزانێک شکاندنی ئەستەمە.

*** ئەو یاریزانەی بارسیلۆنای بەشداری لە زۆرترین یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگدا کردووە:**

ئەندرێس ئینییێستا بەشداری لە 4 یاری کۆتایی چامپیۆنزلیگ کردووە، کەچی مێسی بەشداری لە 3 یاری کۆتایی کردووە، هەرچەندە 4 نازناویشی بەدەستهێناوە، بەڵام لە یاری کۆتایی 2006 بەشداری نەکرد.

*** بەشداریکردن لە زۆرترین کلاسیکۆ:**

1 ـ مانوێل سانچێزی ئیسپانی (ریال مەدرید): 43 یاری
2 ـ لیۆنێل مێسی 34 یاری.

### خانمی یەکەمی تۆپی پێی جیهان

دوای ئەوەی لیۆنێل مێسی و ئەنتۆنێلا روکۆزۆ، رۆژی هەینی رابردوو لە شاری رۆساریۆی ئەرجەنتینی ئاهەنگی هاوسەرگیرییان ئەنجامدا، میدیای ئەرجەنتینی نازناوێکی نوێیان بە ئەنتۆنێلا بەخشی و رایانگەیاند «ئەنتۆنێلا خانمی یەکەمی تۆپی پێی جیهانە»، بەو پێیەی بەشێوەیەکی فەرمی بووەتە هاوژینی لیۆنێل مێسی باشترین یاریزانی جیهان.

میدیاکارانی ئەرجەنتینی لاسایی بواری سیاسییان کردووەتەوە، کە لە هەر وڵاتێکدا بە هاوژینی سەرۆک دەگوترێت «خانمی یەکەمی وڵات»، کە وادیارە پێیانوایە لیۆنێل مێسی سەرکردەی هەموو یاریزانانی تۆپی پێی جیهانە.

### پێرێز: تەلەفۆنم بۆ مێسی نەکردووە

دوای ئەوەی لەلایەن هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئاشکراکرا کە ئەوکاتەی لیۆنێل مێسی لەلایەن دادگای ئیسپانییەوە بەوە تۆمەتبارکراوە کە خۆی لە دانی باج دزیوەتەوەو میدیاکان باسیان لە رۆیشتنی مێسی لە بارسیلۆنا کردووە، فلۆرەنتینۆ پێرێزی سەرۆکی یانەی ریال مەدرید ویستوویەتی بارودۆخەکە بقۆزێتەوەو مێسی بباتە ریال مەدرید، بەڵام ئەو سەرۆک یانەیە ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوە.

میدیاکان باسیان لەوە کردووە کە ئەوکات پێرێز تەلەفۆنی بۆ مێسی کردووەو هەوڵیداوە رازی بکات بچێتە ریال مەدرید، بەڵام پێرێز لە لیدوانێکدا رایگەیاند «هەرگیز تەلەفۆنم بۆ مێسی نەکردووە». سەرۆکی ریال مەدرید لەو بارەوە زیاتر گوتی «ئەوکات تەنیا لە هەندێک لە نزیکەکانی مێسیم پرسیوە ئایا ئەو لە بارسیلۆنا بەختەوەرە؟ بەڵام نە تەلەفۆنم بۆی کردووەو نە بە نزیکەکانی ئەویشم گوتووە ئایا مێسی دێتە ریال مەدرید، تەنانەت بیریشم لە بردنی ئەو بۆ یانەکەم نەکردووەتەوە».

هەندێک لە رۆژنامەکانی کەتالۆنیا، دەڵێن «ئەوکاتەی مێسی گۆڵی سێیەمی بارسای لە دوایین کلاسیکۆدا تۆمارکردو درێسەکەی بەرووی جەماوەری ریال مەدریددا بەرزکردەوە، پەیامێکی روون بوو لەلایەن مێسییەوە بۆ پێرێز، کە دەیویست پێیبڵێت هەرگیز بارسا بۆ ریال جێناهێڵم».





## باوکی ئێمباپێ:

# ناهێڵم کوڕەکەم بچێتە گۆڕستانی مەدرید

رووداوی وەرزشی ـ CNBC

رۆژنامەی مارکای ئیسپانی نزیک لە یانەی ریال مەدرید ئاشکرایکرد، کیلیان ئێمباپێی یاریزانی لاوی فەرەنسی، بە زەینەدین زیدانی راهێنەری یانەی شاهانەی راگەیاندووە، باوکی بەهیچ شێوەیەک رێگەی پێنادات بچێتە ریال مەدرید».

بەپێی هەواڵێکی ئەو رۆژنامەیە، زیدان و ئێمباپێ بە تەلەفۆن قسەیان کردووەو یاریزانە فەرەنسییەکە بە زیدانی گوتووە «زۆر حەزدەکەم پەیوەندی بە ریزەکانی ریال مەدریدەوە بکەم، بەڵام باوکم پێیڕاگەیاندووم کە بەهیچ شێوەیەک رێگەم پێنادات بچمە ریال مەدرید».

کیلیان ئێمباپێ، لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا قسەکانی خۆی بۆ زیدان باشتر روونکردووەتەوەو پێیگوتووە «باوکم پێیوایە رۆیشتنی من بۆ ریال مەدرید واتە چوونم بۆ گۆڕستان، چونکە ئەو پێیوایە هێشتا زۆرم ماوە بۆ ئەوەی یاری بۆ یانەیەکی گەورەی وەک ریال مەدرید بکەم».

ئێمباپێ، هەروەها بە زیدانی گوتووە «باوکم هەمان قسەی بۆ بارسیلۆنا و مانچێستەر یونایتدیشی کردووە».






**ئیفلاس بوو**

دادگای لەندەن هەوادارانی یاری تێنسی سەرزەوی تووشی شۆککرد، کاتێک مایەپۆچبوونی بۆریس بیکەری ئەستێرەی تێنسی پێشووی ئەڵمانیای ڕاگەیاند، کە یەکێکە لە باشترین یاریزانانی مێژووی ئەو یارییەو پێشتر 5 نازناوی گراند سلامی بردووەتەوە. سەرەڕای ئەوەی پارێزەرانی بیکەر هەوڵیاندا دادگا دەرفەتێکی دیکەی پێبدات تاوەکو هەندێ پارەی خۆی بەدەستدێنێتەوە، بەڵام داوەری سەرپەرشتیاری کەیسەکە ڕایگەیاند «بیکەر مایەپۆچ بووەو سەری چووەتە نێو قوڕەوە».



KOREK Telecom

## سیزار سامپایۆ، یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل، بۆ (ڕووداو):

# بەرازیل بەردەوامە لە پێگەیاندنی ئەستێرەکان



سیزار سامپایۆ، یەک لە یاریزانە دیار و بەرچاوەکانی ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردووی هەڵبژاردەی بەرازیلە. سامپایۆ لە میدیای جیهانیدا بە تانکەکەی بەرازیل ناوبانگی دەرکردبوو، ئەوەش بێگومان بۆ هێز و تواناو لێهاتوویی ئەو لە ڕووبەڕووبوونەوەی یاریزانانی تیپەکانی بەرامبەریدادەگەڕایەوە. خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی سامپایۆدا لە مۆندیالی 1998دا ڕوویدا، ئەو لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیلدا بەشداری ئەو پاڵەوانییەتییەدا کرد لە فەرەنساو ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لەوەی سیلیساو بگاتە یاری کۆتایی مۆندیالەکە کە دواتر نازناوەکەی بە هەڵبژاردەی فەرەنسا دۆڕاند.

سامپایۆ، لەو مۆندیالەدا 3 گۆڵی تۆمارکرد لە کاتێکدا ئەو یاریزانی ناوەڕاست بوو. لەوانەیە ئەوە باشترین ساتی دەرکەوتنی ئەو بووبێت لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل، هەر بۆیە کاتێک ناچاری دەکەیت یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانە وەبیربێنێتەوە، بەخەمەوە دەڵێ ئێستاش کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە خەمێکی قوڵ بەرۆکم دەگرێت.

بۆ من هێشتا ڕووداوەکانی پەیوەست بە مۆندیالی 1998ی فەرەنسا جێگەی پرسیارەو ئەوە هەر من نینم تینووی ئەوەم بزانم چی بەسەر ڕۆناڵدۆدا هات بەر لە یاری کۆتایی. سیزار گەواهیدەرێکی زیندووی ئەو ڕووداوانەیە، ئەو باسی دوا ئامادەسازییەکانی هەڵبژاردەکەی بۆ یارییەکەی فەرەنسا دەکات و ئەوەش دەگێڕێتەوە لە ژووری جلگۆڕیندا پاش یارییەکە چی ڕوویداوە.

هەڤپەیڤین: ڕێبوار محەممەد ـ ڕیۆ دی جانێرۆ

**ڕووداو: بۆچی وەک زۆرینەی یاریزانانی دیکەو هاوڕێکانت ڕووت لە کاری ڕاهێنەرایەتی نەکرد؟ بوارێکی جیاوازت لەنێو جیهانی تۆپی پێدا هەڵبژارد، کە بەڕێوەبردن و کارگێڕییە؟**

**سامپایۆ:** من بەپێچەوانەی زۆرینەی یاریزانانی دیکەو زۆرینەی هاوڕێکانمەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە یانەکان یان لە هەڵبژاردەی بەرازیل پێکەوە یاریمان دەکرد، هەر لەسەرەتاوە حەزم بە بەردەوامبوون لە جیهانی تۆپی پێ نەبوو وەک ئەوەی زۆرینە دەیکەن کاتێک واز لە یاری دەهێنن و ڕوو لە جیهانی مەشقدانەوە دەکەن، من حەزم لە کاری کارگێڕیی و سەرپەرشتیکردنی یاریزانان و پێگەیاندنی یاریزانان بوو، هەر کە وازم هێنا بڕیارمدا بەشێوازێکی دیکە لە بوارەکەی خۆمدا کاربکەم، ڕاستە ماوەیەکی کەم وەک ڕاهێنەر کارم کردو لەوەشدا لەگەڵ ڕیڤاڵدۆ پێکەوە لە یانەکانی سانتاکارینا و ساوپاولۆ کارمان کرد، بەڵام ئەوەم زۆر حەز لێنەبوو، بۆیە هەر کە هەلم بۆ ڕەخسا ڕووم لە بواری بەڕێوەبردنی وەرزش کردو لە یانەی ڤیچی کە یانەیەکە زۆر ناسراو نییە. ئێستا سەرۆکی ئەو یانەیەم، لە یانەکەمدا دەمەوێ ڕۆڵم هەبێت لە پێگەیاندن و دروستکردنی یاریزانانی لاو.

**ڕووداو: دیارترین دەرکەوتنی تۆ لە یانەی دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیای ئیسپانی بوو، ئەوکات یانەکە شوێنی پەڕینەوەی یاریزانە بەرازیلییەکان بووە بەرەو ئەورووپا، هۆکاری ئەوە چییە؟**

**سامپایۆ:** ئەو ساتانە ساتی مێژوویی بوون بۆ دیپۆرتیڤۆ لاکۆرۆنیا، ئەو یانەیە لەو سەردەمەدا بەهێزترین وێستگەی پەڕینەوەی یاریزانانی بەرازیل بوو بەرەو ئەورووپا، ئەوکات یانەکە سەرۆکێکی هەبوو یاریزانە بەرازیلییەکانی زۆر خۆش دەویست، ئەو دەیویست باشترین بەهرەمەندەکانی بەرازیل لە ڕیزەکانی یانەکەیدا کۆبکاتەوە، چونکە پێیوابوو یاریزانە بەرازیلییەکان دەتوانن خەونەکانی ئەو لە بەدەستهێنانی نازناوەکاندا بێننەدی، پێشتر گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی بەرازیلدا کردبوو، لەوانەش ماورۆ سێلڤا، دۆناتۆ، بیبێتۆ و چەندانی دیکە، لە کاتێکدا دەکرا پێکهاتەی یانەکە لەو کاتەدا 32 یاریزان بێت، ئەو دەیویست 30 یاریزان لە یانەکەی ئەودا بەرازیلی بن، هەر ئەوەش وایکرد ڕوو لەو یانەیە بکەم، ئەوکات تیپێکمان هەبوو توانای ڕکابەری لەسەر نازناوەکان هەبوو.

**ڕووداو: هەرچەندە یادگارییەکانی مۆندیالی 1998 بۆ زۆرینەی بەرازیلییەکان ناخۆشن، چونکە نازناوەکەتان لەدەستدا، بەڵام تۆ 3 گۆڵت تۆمارکرد، ئەوە ڕێکەوت بوو یان پلانی ڕاهێنەر؟**

**سامپایۆ:** کاتێک باسی یادگارییەکانی مۆندیالی 1998م لەگەڵدا دەکەیت لە هەندێک ڕووەوە هەست بە دڵخۆشی دەکەم و لە هەندێک ڕووەوە بەپێچەوانەوە،

> "هەرگیز خەمەکانی ئەو شەوە لەبیر ناکرێن کە یاری کۆتایی مۆندیالی 1998مان دۆڕاند"



ئەوەی ڕاستی بێت من بە تۆمارکردنی 3 گۆڵ لەو مۆندیالەدا زۆر دڵخۆش بووم و ئەوە بووە یادگارییەکی خۆش بۆ من، ئێستاش چێژ لەو ساتانە وەردەگرم، من پێموانییە ئەوکات شتێکم کردبێت لە تواناو خۆماندووکردنی هاوڕێکانم و یاریزانانی دیکەی هەڵبژاردەکە زیاتر بووبێت، ئەوەندە هەیە کە بەخۆشحاڵییەوە توانیم گۆڵ بکەم، ئەوەی بە هۆکاری درەوشانەوەی خۆمی دەزانم لەو کاتەدا خۆشەویستیم بۆ یاریزانان و هەڵبژاردەکەم بوو، ئەوەشم لەبیر نەچێت کە زاگالۆی ڕاهێنەر لە یەکەم کۆبوونەوەی یاریزانانەوە بەر لە مۆندیال و لە یەکەم یاریشەوە ئەوەی دووپاتکردەوە کە دەبێ ئێمە بە کۆمەڵ یاری بکەین و هاوکاری یەکدی بکەین، هەندێک کاریشی بە من ڕاسپارد لەو کاتەدا بۆ ئەوەی لە یارییەکاندا ئەنجامی بدەم. بەشێوەیەکی گشتی هەموو ڕووداوەکانی مۆندیالەکە بۆ من وەک کەس زۆر جێگەی دڵخۆشی بوون و لەدوای ئەوەش دەتوانم بڵێم 3 ساڵی ئاستبەرزم پێشکەشکرد، بەڵام خەمە گەورەکە ئەوەبوو کە لە کۆتاییدا نازناوەکەمان نەبردەوە.

**ڕووداو: لەو مۆندیالەدا بەرازیل بە هێز و توانایەکی زۆرەوە دەرکەوت، پاڵێوراو بوو بۆ بردنەوەی نازناوەکە، بەڵام لە کۆتاییدا نازناوەکەی دۆڕاند، ئەو دۆڕانە هۆکاری چیبوو؟**

**سامپایۆ:** ئێمە ڕاستە بەهێزێکی زۆرەوە لە پاڵەوانییەتییەکەدا دەرکەوتین، ئاستی باشمان پێشکەشکردو توانیمان لە قۆناخی کۆمەڵەکان و لە قۆناخەکانی دواتریشدا بردنەوەی گەورە تۆمار بکەین، ئەمە وایکرد کاتێک ئێمە گەیشتینە یاری کۆتایی هەمووان پێشبینی بردنەوەی نازناوەکە بکەن لەلایەن بەرازیلەوە. لەبیرمان نەچێت بەرازیل هەمیشە هەر وابووە، لە هەموو مۆندیالێکدا چاوەکان بەتایبەت دەچنە سەر بەرازیل و جیهان دەیەوێ بزانێت ئەو هەڵبژاردەیەی نوێنەرایەتی ئەو مێژووە گەورەیە دەکات چیدەکات و چی پێیە؟ لە 1998دا هەمان شت دووبارەبووەوە، لە یارییەکاندا هەمووان چاوەڕێی ڕۆناڵدۆ و ڕۆبێرتۆ کارلۆس بوون بۆ ئەوەی هاوئاهەنگی و ئاستی بەرزی ئەوان لەگەڵ ڕیڤاڵدۆدا ببینن، ئەوەی کە وایکرد ئێمە لە کۆتاییدا نازناوەکە لەدەستبدەین بەبڕوای من گەیشتنمان بوو بۆ یاری کۆتایی بە ماندوویەتییەکی زۆرەوە، ئێمە پێش یاری کۆتایی بەرامبەر هەڵبژاردەی هۆڵەندا یاریمان کردو لەوێ یارییەکە بۆ کاتی زیادکراو درێژ بووەوەو دواتر بە لێدانی یەکلاکەرەوە ئێمە گەیشتینە یاری کۆتایی. ئەمە هەموو یاریزانەکانی لە ڕووی جەستەییەوە تەواو ماندووکرد، لە یاری کۆتاییدا توانای ئەوەمان نەبوو هەمان جادوو و ئاستی یارییەکانی پێشتر پێشان بدەین. لەبیریشمان نەچێت فەرەنسییەکان لەسەر خاکی خۆیان یارییان دەکردو ژمارەیەکی بێشوماری هاندەریان لەپشت بوو.

> "یاریزانانی ئێستای بەرازیل هیچیان لە یاریزانانی سەردەمی ڕۆناڵدۆ و ڕۆناڵدینیۆ کەمتر نییە"

**ڕووداو: پاش تەواوبوونی یارییەکەو کاتێک چوونەوە ژووری جلگۆڕین چی ڕوویدا؟ کام یاریزان خەمبارترین بوو کە ئەوکات بینیت؟**

**سامپایۆ:** بێگومان هەستێکی زۆر ناخۆش بوو ئەوکات، ئێمەی بەرازیلی تایبەتمەندییەکی زۆرمان بۆ تەماشاکردنی تۆپی پێ هەیەو ئەوکات بیرمان لە هەموو بەرازیلییەکان و هەڵوێستیان بەرامبەر ئەنجامی یارییەکە دەکردەوە، یەکەم کەس کە زۆر بەخەمباری بینیم لە ژووری جلگۆڕین ڕۆناڵدۆ بوو، ئەو بەدڵتەنگییەکی زۆرەوە دانیشتبوو، هێشتا هەناسەی تەواو نەدەهات و تێدەکۆشا بۆ ئەوەی بە ئاسایی هەناسە بدات. لەوێ هەمووانم بە دڵتەنگی بینی، باوەڕم نەدەکرد ڕۆژێک بەرلەوە ئێمە لەوپەڕی کەیفخۆشی و ورەبەرزیدابووین تا ئەوکاتەی ڕووداوەکەی ڕۆناڵدۆ ڕوویداو ئیدی هەموو شت شێوا، ئێستاش کە بیر لە دیمەنەکانی ئەو شەوە دەکەمەوە خەمێکی قوڵ دامدەگرێت، ناتوانی ئەو ساتانە لەبیر بکەیت کە خەم ڕووخساری هەمووانی داپۆشیبوو، هیچ یاریزانێک نەبوو باوەڕ بەوە بکات کە ڕوویداوە، کێشەکە ئەوەبوو هەموو پێمانوابوو ئەوەی لەسەرشانمانە جێبەجێمان کردووەو هەمووان بۆ پێچەوانەی ئەوەی ڕوویدا خۆمان ئامادەکردبوو، بەڵام ڕووداوەکان بەشێوەیەک کەوتنەوە کە تەواو پێچەوانەی ویستی ئێمە بوون و هەموومان بەتایبەت بۆ ڕۆناڵدۆ زۆر دڵتوندبووین کە هەموو جیهان چاوەڕێی ئەوی دەکرد لە یارییەکەدا، بەڵام جێگەی دڵخۆشی بوو کە ڕۆناڵدۆ لە مۆندیالی 2002دا توانی ئاواتەکەی بهێنێتەدی و نازناوەکە بباتەوە، پێموایە ئەوە خەمەکانی ئەوی لەبیر بردەوە.

**ڕووداو: ئەگەر سەیری گۆڵەکانی فەرەنسا بکەین لەو یارییەدا، دوو گۆڵیان زەینەدین زیدان بە لێدانی سەر تۆماریکرد، کاتێک سەرنج لە ڕاوەستانی بەرگریکارانی بەرازیل دەدەیت دەبینی هەمووان شێواون، جۆرێک لە شپرزەییان پێوەدیارەو کەس نازانێ چی دەکات، هۆکاری ئەوە چیبوو؟**

**سامپایۆ:** لە ڕاستیدا ئێمە بەدرێژایی ماوەی چەند ڕۆژی بەر لە یارییەکە مەشقمان لەسەر ڕێگرتن لە تۆپە هەواییەکانی هەڵبژاردەی فەرەنسا دەکردو هەریەک لە ئێمە دەیزانی لە کاتی تۆپی جێگیر و بەتایبەت لە کۆرنەرەکاندا دەبێ چی بکات و چۆن ڕاوەستێت و چاودێری کامە یاریزان بکات، بەڵام ئەو ڕووداوەی بەسەر ڕۆناڵدۆدا هات وایکرد هەموو شتەکانمان لێبشێوێت، ڕاهێنەر بەر لە یارییەکە زۆر جەختی لەسەر ڕێگریکردن لە تۆپە جێگیرەکانی فەرەنسا دەکردەوەو پێیوابوو ئەوە چەکێکی کاریگەری دەستی ئەوانە، بەڵام کێشەکەی ڕۆناڵدۆ وایکرد ڕاهێنەر دەستکاری پێکهاتەو شێوازی یاریکردنی هەڵبژاردەکە بکات بە ماوەیەکی کەم بەر لە یارییەکە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە کاتی بەرگریدا نەزانین چی بکەین و چۆن مامەڵە لەگەڵ تۆپە هەواییەکاندا بکەین و کامە یاریزان بگرین، ئەوە بووە هۆی ئەوەی زیدان 2 گۆڵ تۆمار بکات. لەنێوان هەردوو گێمەکەدا ڕاهێنەر هەستی بە هەڵەی یاریزانەکانی کرد، کافۆ و لیۆناردۆی بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو هەڵانە تەرخانکردو لەو گێمەدا هەڵەکان چاککرانەوە، بەڵام کێشە ئەوەبوو نەمانتوانی ئەنجامەکە بگۆڕین.

**ڕووداو: لای تۆ زاگالۆ باشترین ڕاهێنەرە کە تۆ کارت لەگەڵدا کردبێت، چیت هەیە بۆ زاگالۆ؟**

**سامپایۆ:** دەتوانم بڵێم زاگالۆ یەک لە مەزنترین ڕاهێنەرەکانی مێژووی بەرازیلە، ئەو یەکێکە لەو ڕاهێنەرانەی بەخۆشەویستییەکی زۆرەوە کارەکەی دەکردو خۆشەویستی هەڵبژاردەی بەرازیلی دەخستە پێش هەموو شتێکەوە. لەوانەیە زەحمەت بێت بە چەند دێرێک باسی کاریگەری و توانای زاگالۆ وەک ڕاهێنەر بکەیت، من شەرەفمەندبووم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێردەستی ئەودا یاریم کردووە. ئەو تایبەتمەندی زۆری هەبوو، هەمیشە وایدەکرد هەموو یاریزانێک ئەوپەڕی تواناو لێهاتوویی خۆی لە کاتی مەشقەکان و لە یارییەکاندا پێشکەش بکات و هەر ئەوەش نهێنی سەرکەوتنی ئەوبوو لەگەڵ بەرازیل. ئەو فێری کار و یاری بە کۆمەڵی دەکردین و خوێندنەوەی بۆ یارییەکان زۆر جێگەی سەرنج بوو، هەمیشە دەیزانی تیپی بەرامبەر دەیەوێ چی بکات و ئەوەشی دەزانی چۆن تیپی بەرامبەر دووچاری کێشە بکات و بەسەریدا سەربکەوێت.

زاگالۆ هاوشێوەی تیتی ڕاهێنەری ئێستای هەڵبژاردەی بەرازیل لە یانەی کۆرتینتیانزەوە وەک ڕاهێنەر دەرکەوت. پێموایە هەموو ئەوانەی زاگالۆیان ناسیوەو کاریان لەگەڵدا کردووە لەسەداسەد دڵنیان لەوەی ئەو باشترین ڕاهێنەریان بووە، ئەو لای بەرازیلییەکان وەک سیمبولێکی مەزن تەماشا دەکرێت.

**ڕووداو: ئایا سەردەمی جادووی ئەستێرە بەرازیلییەکان کۆتایی هاتووە؟ پێتوانییە ئێستا بەرازیل وەک جاران یاریزانی مەزن دروست ناکات؟**

**سامپایۆ:** ئەگەر تۆ پێتوابێت بەرازیل لە پێگەیاندنی یاریزانی ئەستێرەو بەناوبانگدا شکستی هێناوە وەک ئەوەی نازناوی مۆندیالی پێشووی لەدەستداوە، من لەگەڵ تۆ هاوڕانیم. ئەگەر تەماشای یاریزانە بەرازیلییەکانی ئێستا بکەیت، ڕاستی ئەم قسەیەی منت بۆ دەردەکەوێت، تۆ تەماشای نەیمار بکە، یان فیلیپ کۆتینیۆ یان گابرێل خیسۆس، ئەمانە ئەو یاریزانانەن کە بەبڕوای من لە داهاتووی نزیکدا دەبنە ئەستێرەی گەورەی بەرازیل لە ئەورووپاو ئێستاش بوونی خۆیان سەلماندووە.

> "هۆکاری دۆڕاندن بە فەرەنسییەکان ئەوەبوو کە هۆڵەندییەکان زۆر ماندوویان کردبووین"



بەرازیل هەمیشە هەروابووەو بەردەوام ئەستێرەی گەورەی هەبووە، ئەگەر خەڵک پێشبینی ئەوە بکەن تەنیا یاریزانە نموونەییمان پێگەیاندووە، سەردەمانێک بەرازیل خاوەنی ڕیڤاڵدۆ و ڕۆبێرتۆ کارلۆس بوو لەلای چەپەوەو ئێستا خیسۆس و کۆتینیۆی هەیە، ئەوکات ڕۆماریۆ و ڕۆناڵدۆ و ڕۆناڵدینیۆمان هەبوو و ئەوان چەندین دەستکەوتی گەورەیان بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل بەدەستهێناو زۆر نازناویان بردەوە، ئێستاش بەهرەمەندەکانی بەرازیل ئاستیان لەوان کەمتر نییە، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە تێگەیشتن لە تۆپی پێ و شێوازی یاریکردنی تۆپی پێ گۆڕانی بەسەردا هاتووەو ئیستا تۆپی پێ بووەتە یارییەکی ستراتیجی و بە کۆمەڵ، کەمتر پشت بە لێهاتوویی تاکەکەسی و بەهرەو هونەر دەبەستێت. وێڕای ئەوەش من پێموایە هێشتا لاوە بەرازیلییەکان لەو یانانەی یاری بۆ دەکەن، دەتوانن یەکلاکەرەوەو کاریگەر بن. زنجیرەی پێگەیاندن و دەرکەوتنی یاریزانە بەرازیلییە ئەستێرەکان هەر بەردەوامەو پێموایە هەڵبژاردەی بەرازیل لە مۆندیالی داهاتوودا لە ڕووسیا زۆر یاریزان و بەهرەمەندی نوێ پێشکەشی دونیای تۆپی پێ دەکات.

> "نامەوێ لە بواری مەشق کاربکەم، حەزم لە بواری بەڕێوەبردن و کارگێڕییە"

ژماره ( 455 )
سێشەممە 2017/7/4



## دزرا

پـۆل پۆگبـای ئەسـتێرەی فەرەنسـی یانـەی مانچێسـتەر یونایتـدی ئینگلیـزی، لـە هەڤپەیڤینێکدا باسی ئەوەی کرد کە دوای وەرگرتنی یەکەم مووچەی چی کڕیوەو گوتی «کاتێک لە لاوانی مانچێستەر یونایتد یەکەم مووچەی خۆم وەرگرت پێڵاوێکی گرانبەهام لە مارکەی لۆبێتێنزی بەناوبانگ کڕی، گوتم مانگێکی دیکە هیچ شتێک ناکڕم، کەچی پێڵاوەکەیان لێ دزیم، ئێستاش داوا لە دزەکە دەکەم بۆم بگەڕێنێتەوە».



# ئەم هەموو رقەتان لە کوێوە هێنا؟

رێبوار محەممەد

هێشتا کلاودیۆ براڤۆی گۆڵپارێزی هەڵبژاردەی چیلی دەستەوانەکانی دوای پێشەوایەتی هەڵبژاردەی چیلی بۆ سەرکەوتن بەسەر پۆرتوگال و پەڕینەوە بەرەو یاری کۆتایی جامی کیشوەرەکاندا دانەنابوو، کە فەیسبووکچییەکانی کورد بە سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیەشەوە (تا راددەیەک)، دونیایەک سووکایەتییان بە کریستیانۆ رۆناڵدۆ کردو لە چاوتروووکانێکدا ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییەیان کردە مەیدانی هەڵڕشتنی رقی کەڵەکەبووی چەند مانگ لەمەوپێش کە سەرکەوتن و درەوشانەوەکانی ئەو یاریزانە تووشی کردبوون.

ئیدی چوونە دەرەوەی پۆرتوگال و نەگەیشتنی رۆناڵدۆ بەلێدانی لێدانە یەکلاکەرەوەکەی خۆی، بووە باسوخواسی گەرمی ئەوەی کە پیاوی مەزن! دەبێ لەپێشدا لێدانەکە جێبەجێ بکات و نابێ خۆی بۆ ئەوە هەڵبگرێت دوا لێدان لێبدات.

ئەو بەرێزانە لە چاوترووکانێکدا بوونە سەرمەشقی لێهاتوویی و شارەزایی و جێگەی سانتۆس و هەموو راهێنەرانی دونیایان گرتەوە لەوەی کە دەبێ کێ یەکەم لێدان و کێ دوا لێدان جێبەجێ بکات. لەسەر ئەوەش رانەوەستان تا گوێیان لە راهێنەری پۆرتوگال بێت کە دەڵێ من لێدانە یەکلاکەرەوەکەی رۆناڵدۆم خستە کۆتاییەوە. بەڵکو دەستبەجێ پەلاماری هەستی هەموو ئەوانەیاندا کە سۆزیان بۆ کریس هەیە و رۆناڵدۆیان خۆشدەوێت و تەنانەت هەندێک لەوان نووسییان: ها... ئەوەش پاڵەوانەکەتان!

کێشە ئەوە نییە تۆ پەلاماری رۆناڵدۆ دەدەیت، ئەوە لە هەموو جیهاندا چەند بارە دەبێتەوە و ئەستێرەکان باجی دەرکەوتن و درەوشانەوە و ناوبانگ دەرکردن دەدەن. کێشە ئەوەیە تۆ لە پەنای رۆناڵدۆوە رقەکانی خۆت بەتاڵ دەکەیتەوە، لە پەنای هێرشکردنە سەر ئەوەوە دەتەوێت وانەی رق فێری هەموومان بکەیت، ئاخر تۆ چۆن بە هێرشکردنە سەر مێسی بێتاقەت دەبیت و پێتناخۆشە و هەندێکجار دەمارگیر دەبیت، بەرامبەرەکەشت کە گوناهەکەی وەک تۆ تەنیا ئەوەیە رۆناڵدۆی خۆشدەوێت، پێی بێزار و دەمارگیر دەبێت و ئەوکات لە بری پەیامە مرۆییەکەی تۆپی پێ، پەیامی رق و تورەیی و سووکایەتی بە یەکتری لێدێتە بەرهەم. ئەگەر ئەویش هەمان شتی بەرامبەر یاریزانە دڵخوازەکەی تۆ کرد، بێگومان هەڵەیە.

باشە ئەو بەرێزانەی کە نەسیحەتی رۆناڵدۆیان دەکرد بەوەی دەبوو لێدانی یەکەم جێبەجێ بکات، چ گرەنتییەکیان هەبوو لەوەدا کە براڤۆ لێدانەکەی ئەویش نەگێڕێتەوە؟ ئەی ئەوکات چیتان دەگوت؟ دەتانگوت پیاوی مەزن! نەیتوانی گۆڵ تۆمار بکات؟ یان دەتانگوت رۆناڵدۆ هەڵبژاردەکەی بەدەرکردندا و ئەوکات تۆمەتە ئاراستەکراوەکەی رۆناڵدۆ قورستر و گەورەتریش دەبوو.

من تێناگەم بۆچی لە دونیادا تۆپی پێ بۆ خۆشەویستی و چێژوەرگرتنە و لە کوردستاندا بووەتە سەرچاوەی رق هەڵڕشتن بەرامبەر یەکتری، تۆ کاتێک پەلاماری رۆناڵدۆ یان مێسی دەدەیت، دڵنیام لەوەی خۆت باش دەزانی ئەو قسانەت فلسێک ناکات و کاتێک خۆتمان لێدەکەیت بە پاڵەوانی تەحلیل و راهێنەری مەزن، کەس ئەو قسانە نابیستێت، بەڵام تێمبگەیەنە چۆن دەتوانیت بەهۆی یاریزانێکەوە کە بە خەیاڵیش ناوی وڵاتەکەی تۆ نازانێت، سووکایەتی بە مرۆڤەکەی بەرامبەرت بکەیت، تێمبگەیەنە چۆن دەتوانیت وا ئامادەساز و لەسەرپێبیت بۆ سووکایەتی بە هاونیشتمانییەکانت؟

تێناگەم چۆن دەتوانی لایەنگری مێسی بیت و رقت لە رۆناڵدۆ بێت؟ یان هەواداری رۆناڵدۆ بیت و بە جادووی مێسی و جووڵە هونەرییەکانی سەرسام نەبیت؟ تێناگەم چۆن دەکرێ یەکێکت خۆشبوێ و رقت لەوی دیکە بێت لە کاتێکدا ئەوە نزیکەی 10 ساڵە ئەو دووانە هەرچی چێژی تۆپی پێ هەیە لە خۆیاندا کۆیان کردووەتەوە؟ پیاوی مەزن ئەوە نییە کە ئێوە باسی دەکەن، پیاوی مەزن ئەوەیە مرۆڤبوون دەخاتە پێش هەموو شتەوە و بەرلەوەی بڕیاربدات رق لە رۆناڵدۆ یان مێسی هەڵبگرێت، بڕیاردەدات چێژوەربگرێت، خۆشی ببینێت و قبووڵکردنی دۆڕان و یەکسانیی هەلی رووبەڕووبوونەوە لە تۆپی پێوە فێر بێت، ئاخر ئەوە پەیامی تۆپی پێیە، نەک ئەوەی تۆ لەپەنای تۆپی پێوە گرێ دەروونییەکانت بەوانە بڕێژی کە وەک تۆ بیر ناکەنەوە.



# خانووەکەی لامپارد بۆ کاری ئابڕووبەرانە

ئا: رۆژان عەبدولڕەحمان

فرانک لامپارد، یاریزانی بەناوبانگی ئینگلتەرا دوای بینینی چەند دیمەنێک لە ماڵەکەی ئینگلتەرای تووشی شۆک بوو.

فرانک لامپارد، ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی چێڵسی لەندەنی ماوە ماوە بە رووداوی جیاواز دەبێتە مانشێتی میدیاکانی ئینگلتەرا، کە ماوەیەک لەمەوبەر یاریزانە 39 ساڵییەکە لە تۆری کۆمەڵایەتی ئینستاگرام وێنەی هاوژینەکەی و سەگەکەی بڵاوکردەوەو لەژێر وێنەکە قسەی نەشیاوی نووسیبوو بەمە بووە دەنگ و باسی میدیاکانی ئینگلتەرا و رووبەڕووی رەخنەی توند بووەوە لەلایەن هەوادارانییەوە.

لامپارد ئەمجارە بە رووداوێکی جیاواز بووەوە مانشێتی میدیاکان ئەویش دوای ئەوەی بینی لە ماڵەکەیدا کە بە کرێی دابوو، خەریکی ئامادەکردنی چەند گرتەیەکی فیلمی پۆرنۆ بوون بەمەش ئەستێرەکەی پێشوو تووشی شۆک بوو.

بە گوێرەی هەواڵی رۆژنامەی The Sunی ئینگلیزی، ئەو خانووەی لامپارد لە فۆلهام بە کرێی داوە لە خانووەکەدا هەم تلیاک فرۆشراوەو هەم گرتەی ڤیدیۆی فیلمی پۆرنۆی تێدا ئەنجامدراوە.

پارێزەری یاریزانە تەمەن 39 ساڵییەکەی ئینگلتەراش رایگەیاند «لامپارد بێئاگایە لەم رووداوەو بێگومان بە زووترین کات چی پێویست بێت ئەنجام دەدرێت».

خانووەکەی لامپارد، نرخی 2 ملیۆن یۆرۆیەو بە کرێ بە بڕی 3 هەزار و 400 یۆرۆ داوییەتی بەو کەسەی کە بە داڤینا ۆرد خۆی ناساندووە.

## پێشبڕکێ



### بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

شۆڕش نامق لە خورماڵ

بە لێدوانی:

(هەستە لێرە مەمێنە، خۆت لە بارسا بنوێنە)



## هاندەرانی لیڤەرپوول لە فیرعەونەکەی میسر تووڕەن..
# دەبێ وێنەی کڕنۆشبردنی دیمبابا رەشکاتەوە

رووداوی وەرزشی ـ Sport

جەماوەری یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، داوایان لە یاریزانە تازەکەیان، محەممەد سەڵاحی میسری، کە بە فیرعەونی میسر ناودەبرێت، کرد ئەو تویتە بسڕێتەوە کە ساڵی 2016 بۆ هاوڕێی پێشووی یاریزانی سەنیگالی دیمبابا، لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بڵاویکردبووە.

ئەوکاتەی دیمبابا لە خولی چین تووشی پێکانێکی مەترسیدار بوو، سەڵاح وێنەیەکی ئاهەنگگێڕانی هاوڕێی لە چێڵسی بە تۆمارکردنی گۆڵێک بڵاوکردەوە لە کاتی سوجدە بردندا، ئەویش لە دواوەی وێنەکە دەردەکەوێت و هیوای چاکبوونەوەی خێرای بۆ دەخوازێ. بەڵام ئەو ئاهەنگگێڕانە لە یەکێک لە ناخۆشترین ساتەکان لە مێژووی لیڤەرپوولدا بوو، دوای ئەوەی با تۆپی لە ساتمەکردنی ستیڤن جیرارد پچڕاند و گۆڵی بردنەوەی بلوزی تۆمارکرد، بەمەش رێگەی لە ریدز گرت نازناوی پرێمەرلیگ بەدەست بێنێت.

دوای ئەوەی سەڵاح بەفەرمی بووە یاریزانی لیڤەرپوول و بە بڕی 42 ملیۆن یۆرۆ لە یانەی رۆمای ئیتاڵییەوە هاتە ریزەکانی، هەندێ لە هاندەرانی لیڤەرپوول، دەستیان بە گەڕان لەنێو تویتەکانی پێشووی کرد، تاوەکو ئەو وێنەیان دۆزییەوەو داوایان لێیکرد بیسڕێتەوە.






هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 833 34 44
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ ژیرۆ عەبدولڕەحمان

RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە
www.rudaw.net